# تێڕوانینێک لەسەر ئیسلام و سیاسەت

**بەشی دووەم**

**کاوە ئەمین**

کێشەی گرتنە دەستی دەسەڵات لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، دەرگای بۆ ناکۆکیەکانی نێو موسڵمانان کردەوە بە شێوەیەک کە تا ڕۆژی ئیمرۆش بەردەوامە، ئەویش کێشەی نێوان شیعە و سوننیەکانە. سوننییەکان بۆ هەڵبژاردنی کەسێک لە جێگای پێغەمبەر، پێیان وابوو کە دەبێت ئەو کەسە لە هەموو ڕوویەکەوە شایستەی ئەو پۆستە بێت ، بەڵام شیعەکان لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا، پێیان لەسەر خزمایەتی ئیمام عەلی کە هەم ئامۆزا و هەمیش زاوای پێغەمبەر بوو، دادەگرت، واتە هاوخوێنیان دەکردە بنەما. هەر ئەوەش بووبووە هۆی ئەوەی کە شیعەکان، ئیمام عەلیان کردبووە نیمچە خوایەک بۆ خۆیان. شیعەکان بە ئیمام عەباسیش کە مامی پێغەمبەر بوو، ڕازیبوون کە ببێتە خەلیفە. بەڵام سوننیەکان دەیانوت کە " پێغەمبەر سنووری کارکردنی بە شێوەیەکی ئازادانە بەجێ هێشتووە بۆ موسڵمانەکان، بۆیە خۆیان دەتوانن کەسێک هەڵبژێرن، واتە ئەمان بڕوایان بە جۆرە دیموکراسییەک هەبوو، سەرکردە دەبێت خەڵک بڕوای پێبکات تا شایستەی ئەوەی هەبێت ببێتە جێگرەوەی پێغەمبەر".

دەکرێت لایەنێکی زەقی ئەو ناکۆکییانە هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا لەوەدا ببینینەوە کە تەنها خەلیفەفە ئەبوبەکر بە مردنێکی ئاسایی مرد، ئەوانی تر، عومەر، عوسمان و عەلی ،کوژران یانیش وەکو ئێستا دەڵێن، تیرۆرکران، لەلایەن نەیارانیانەوە. ئیتر لەو کاتەوە، پەنا بردنە بەر تیرۆر بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات وەکو دیاردەیەکی ئاسایی لێهاتووە لە زۆر وڵاتی ئیسلامی و جیهاندا پەیرەو دەکرێت.

بزووتنەوەی شیعەکان بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نییە ، بەڵکو بەسەر دوو بیروڕای سەرەکیدا دابەش کراوە. ئەوانەی کە بڕویان بە دوانزە ئیمامی هەیە کە زۆرینەی شیعەکانی ئێرانی ئێستا سەر بەم ڕێبازەن، لایەنیەکی تریان کە لەمێژودا گرنگی زۆریان هەبووە، ئیسماعیلیەکانن. لەلایە ئەم دەستەیە پایەی ئیمامەکان لە پێغەمبەریش بەرزترە. ئەوان لەو بڕوایەدان کە زەویی و وجود (هەبوون) بەبێ پێغەمبەریش دەتوانن بمێنن بەڵام بەبێ ئیمامەکان شتێکی محاڵە، بە کورتی لای ئەمان، ئیمام، دەرمانی هەموو دەردێکە.

ئیمامی شیعەکان، هەتا ئیمامی دوانزەدەهەمیش، هەمیشە لە نێو لایەنگرانی خۆیان و خەڵکدا بوون، بەڵام ئیمامی دوانزدە، ساڵی 873 ی دوای زاین، کاتێک کە ئەو هێشتا منداڵ بوو، غەیب بوو. ئەمەش بە براوای شیعەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کا تا ئیمام لەو مەترسیانەی کە لەسەر زەوی ڕووبەڕوی بووبوونەوە، بپارێزرێت. ئیتر لە دوای ونبوونی ئیام مەهدییەوە، دنیا بەرەو ناعەدالەتی و نایەکسانی ڕۆیشتووە، بە قسەی شیعەکان، کاتێکیش ئەو گەڕایەوە دنیا لە نەغرۆبوون ڕزگار دەکات و عەدالەت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر زەوی.

بۆ ئەوەی عشیعەکان بتوانن، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن لەو ماوەیەی کە ئیمام مەهدی حزووری نییە، چەند خاڵێکیان بە بنەما گرتووە بۆ خۆیان، لەوانە تیولۆگ و ئاخوندەکان، بە پشتیوانی قورعان و حەدیس و تڕادیشوونەکان و بەکارهێنانی عەقڵ، ئەو بابەتانەی کە خودایین شیتەڵ دەکەنەوە و لەگەڵ پرسە ئاینیەکاندا بەیەکیانەوە دەبەستنەوە. هەرچی خەڵکی ئاساییە دەبێت بەبێ ئەم لاو لا ، گوێڕایەڵی مەلاکان و یاسا دانەرانی شیعە بن.

بە پێچەوانەی سونییەکانەوە، شیعەکان هەمیشە تێڕاونین و لێکدانەوەی جیاوازنیان بۆ پەیڤەکانی خوا هەیە، لەمەدا شیعەکان و مەسیحییەکان لەیەکەوە نزیکن، چونکە مەسیحیەکانیش ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کە تەفسیری نوێ کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت بۆ ئینجیل بکەن، تا بتوانن لە دەریای پان و بەرینی مۆدێرنە و گەشەکردندا ، مەلە بکەن.

کاتێک خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران، زۆرێک پێیان وابوو کە ئەو ئیمام مەهدییە، بەڵام هەرزوو خومەینی ئەو بڕوایەی ڕەتکردەوە و باسی ئەوەی کرد کە لە ڕێگای ژیانێکی ڕاستەوە دەکرێت ڕێگا بۆ گەڕانەوەی مەهدی خۆش بکرێت.

لە دوای سەدەی چواردەهەمەوە (1500)، شیعە بووتە ئاینی ڕەسمی ئێران، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە مەزهەبی سونی و مەسیحی و زەردەشتی و دینی تریش لەو وڵاتەدا هەن. بە درێژایی مێژووی دوای کوشتنی ئیمام حسێن، کۆمەڵگای شیعە هەمیشە

کۆمەڵگایەک بووە کە بە بەردەوامی لە پرسەدا بێت،ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێت کە دەیان شاعیری گەورە لە ئێران هەڵکەوتوون کە شیعرەکانیان خەم و خۆشەویستیەکی خوایی لە نێویاندا تواونەتەوە و باسی کوشتنی ئیمام حسێن و ئەو زوڵمەی کە لێیان کرد لە دەشتی کەربەلا، دەکەن. یادکردنەوەی عاشوورا و لە خۆدان و گریان و پاڕانەوە لەو کارەساتەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەتوانین بڵێین کە سۆفیزم لە نێو سوننەدا، دیاردەیەکی لەوەی شیعەکانە، بەڵام جیاوزییان ئەوەیە کە سۆفیەکان وەکو گورپێکی تایبەت و سنووردار دەکەونە زیکرەوە و حاڵ لە خۆیان دێنن، بەڵام مەراسمی عاشوورا، هەموو شیعەکان بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن و خەمێکی هاوبەش کە بووتە ناسنامەیەک بۆیان کۆیان دەکاتەوە و ئەو ڕۆژە کراوەتە ڕۆژی ناڕەزایەتی دژی سیاسەتی چەوساندنەوەی شیعەکان لە جیهان و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، ئەگەرچی ڕووداوی زۆر ناخۆش و نامرۆڤانە لەو ڕۆژەدا ڕوودەدەن، وەکو برینداركردنی منداڵان و لاوان کە هێشا لە بیرکردنەوەدا کامڵ نەبوون.